# سونەت ئەوەیە ئەگەر کەسێک کچ مارە بکات؛ حەوت ڕۆژ لە لای بمێنێتەوە وپاشان (شەوەکان) دابەش بکات (لە نێوان خێزانەکانی)، وئەگەر ژن مارە بکات؛ سێ ڕۆژ لە لای بمێنێتەوە وپاشان (شەوەکان) دابەش بکات (لە نێوان خێزانەکانی)

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سونەت ئەوەیە ئەگەر کەسێک کچ مارە بکات؛ حەوت ڕۆژ لە لای بمێنێتەوە وپاشان (شەوەکان) دابەش بکات (لە نێوان خێزانەکانی)، وئەگەر ژن مارە بکات؛ سێ ڕۆژ لە لای بمێنێتەوە وپاشان (شەوەکان) دابەش بکات (لە نێوان خێزانەکانی)». ئەبو قیلابە دەڵێت: ئەگەر بمەوێت دەڵێم: ئەنەس ئەم فەرموودەیەی ڕاستەوخۆ بەناوی پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە -صلى الله عليه وسلم- (واتە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم فەرموودەی وتووە).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سونەت ئەوەیە ئەگەر کەسێک کچ مارە بکات؛ حەوت ڕۆژ لە لای بمێنێتەوە، بۆئەوەی دڵنەوایی بدات وتەنهایی وشەرمی لەم مارەیی کردنە نەمێنێت، چونکە یەکەم جارە هاوسەرگیری بکات و وپاشان (شەوەکان) دابەش بکات (لە نێوان خێزانەکانی) ئەگەر خێزانی تری هەبوو. وئەگەر کەسێک ژن مارە بکات؛ سێ ڕۆژ لە لای بمێنێتەوە، چونکە کەمتر پێویستی بەو شتانەیە کە پێشووتر باسکرا بە بەراورد لەگەڵ کچ. وئەمیش حوکم وبڕیارێکی دانایانەیە کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە، وگێڕەرەوەکان دەڵێن سونەت ئەمەیە کەواتە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی لەسەر ئەم شتانە داوە، ئەبو قیلابە دەڵێت: ئەگەر بمەوێت دەڵێم: ئەنەس ئەم فەرموودەیەی ڕاستەوخۆ بەناوی پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە -صلى الله عليه وسلم- (واتە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم فەرموودەی وتووە)، وئەم فەرموودەیە لە لای من (مرفوع)ە چونکە وشەی (لە سونەت:من السنة)ی تێدایە بە ئاشکرا ئاماژە بۆ (رفع) دەکات. وهەر فەرموودەیەک وشەی ووترا (مرفوع)ە واتە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی؛ وهەروەکو وایە گێڕەرەوەکە بڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6145